



# هەواڵ
Hawal

www.hewalnews.net www.hewalnews.org

No.(226) 6th Year 21 April 2007

نرخ (٥٠٠) دینار

ژمارە (٢٢٦) ساڵی شەشەم ٢١ ی نیسانی ٢٠٠٧


## شەش ڕێکخراو سەبارەت بە ماددەی (٥٥)ی دەستوری هەرێم ، یاداشتێکیان دایە پەرلەمان

ڕۆژی ٤/١٨ شەش ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لیژنەیەکیان پێك هێنا ، بۆ بەدواداچوونی بڕگەکانی ماددەی (٥٥)ی دەستوری هەرێم کە تایبەتە بە لاوان و ئەو ماددەیەش حەوت خاڵی لە خۆگرتووە . دوای چەندین کۆڕو کۆبونەوەو سیمینار ئەو لیژنەیە یاداشتێکیان دایە لیژنەی یاسایی پەرلەمان کە چوار خاڵ لە خۆ دەگرێت و داواکارن بڕگەکانی ئەو ماددەیە لە دەستوری هەرێم بسەپێنرێت ...

هەروەها نوێنەری ئەو شەش ڕێکخراوەش کە بەو کارە هەڵساون داواکارن لە پەرلەمان کە لە کاتی جێ بە جێ کردنی ئەو یاداشتە ئامادەبن ، ڕێکخراوە بەشداربووەکان پێك هاتبوون لە :( ڕێکخراوی پاو- ڕێکخراوی ئازادی لاوان- سەنتەری ئەستێرە - ڕێکخراوی توانا سازی لاوان - گروپی خەڵك - ڕێکخراوی ئەنتەر ناشناڵ )

### لە نێوان باڵەکانی ناو یەکێتی لەلایەك وپارتی و یەکێتی لەلایەکی ترەوە

# کەرکوك دابەش دەکرێت

**تایبەت**

سەرچاوەیەکی بەرپرس وئاگادار بە(هەواڵ)ی ڕاگەیاند کە سەرکردایەتی سیاسی کورد بڕیاری گۆڕانکاری لە ئیدارەی کەرکوکدا داوە ئەو گۆڕانکاریەش جۆرێك لەدابەش کردنی پۆستەکانی ئیدارەی شارەکە دەگەرێتەوە وتیایدا تەوازناتی سیاسی لە نێوان باڵەکانی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلایەك و نێوان یەکێتی وپارتی لەلایەکی ترەوە ڕاگیراوە .

لەبەدواچوونی زیاتری (هەواڵ) بۆ ئەو مەسەلەیە پەیوەندیمان بەچەندین لایەن وکەسایەتی سیاسی ئاگادارەوە کرد کەس ئامادە نەبوو بەناوی خۆیەوە لەو بارەیەوە هیچ لێدوانێك بدات بەڵام هەندێ زانیاری ترمان سەبارەت بەو مەسەلەیە لەو کەسانە چنگ کەوت لەدرێژەی بەدواداچوونی ئەو زانیاریانە ئەوەمان بۆ ساغ بووە کە لەکاتی هەڵبژاردنی ڕێکخستنەکانی (ی .ن .ك )دا جۆرێك لەمساوەمە کراوە بۆ پشتگیری کردنی باڵێك ودواتر لەبەرامبەردا بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگار پشتگیری مسۆگەر بکرێت .

سەرچاوەیەکی تر جەختی لەسەر ئەوەکرد کە لەدوا کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمدا ئەو پرسە تاوتوێ کراوەوسەرۆکی هەرێم ڕەزامەندی دەربڕیوە بۆ ئەو گۆڕانکاریانە لەبەرامبەردا پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا بدرێتە پارتی دیموکراتی کوردستان وبۆ وەرگرتنی ئەو پۆستانە باس لە (ڕزگار عەلی) بۆ پۆستی پارێزگار و(محمد کەمال) بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا کراوە .







ئەمەو نەتەوەکانی تری کەرکوك نارازین بەو گۆڕانکاریانە و (هەواڵ) زانیویەتی کە بەرەی تورکمانی کونسڵی ئەمریکیان دیوەو نارەزایەتی خۆیان دەربڕیوەو داوای ئەوەیان کردوە لە هەرگۆڕانکاریەکدا دەبێت یەکێ لەو دوو پۆستە بدرێتە تورکمانەکان .

چاودێرێکی سیاسی ئەم هەوڵەی سەرکردایەتی کوردي بەمەترسیدار لە قەڵەم دا ووتی " یەکێ لەسەروەریەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە کەرکوك لە چوار ساڵی ڕابردوو دا ئەوە بووە کە پشتگیری کەسێکی بێ لایەنی وەك عبدالرحمن مستەفا کردوە بۆ پۆستی پارێزگار بەم هەنگاوە ئەو سەروەریە لەدەست دەدەن وپێشبینی باشی لێ ناکرێت لە کاتێکدا دەبوایە بیر لە تەوافقێکی سیاسی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا بکرێتەوە بەتایبەت تورکمانەکان چونکە لەچوار ساڵی ڕابردودا نەتوانراوە جێگرێك بۆ پارێزگاری کەرکوك لە نەتەوەکانی تر دابنرێ لە کۆتایی قسەکانیدا ووتی "ئەگەر ئەو گۆڕانکاریانە بەو شێوەیە سەربگرێ چی تر عەیبە بۆ کورد باس لەبرایەتی وپێکەوە ژیان و تەبایی نێوان نەتەوەکان بکات و ئەم گۆڕانکاریانە گۆڕانکاری نین لەپێناو ئاسایی کردنەوەی کەرکوکدا بەڵکو دابەش کردنەوەی کەرکوکە لە نێوان باڵەکانی ناو یەکێتی لەلایەك وپارتی و یەکێتی لەلایەکی ترەوە.

**تایبەت - حاجی کەرکوکی**

## عەرەبەکانی کەرکوك پرۆژەی خۆیان سەبارەت بە پاشەڕۆژی شارەکە ڕاگەیاند

دوای تاوتوێکردن کە چەند ڕۆژێکی خایان ئەنجومەنی عەرەبی ڕاوێشکاری لە کەرکوك ڕۆژی ٤/١٧ پرۆژەیەکیان سەبارەت بەدوا ڕۆژی شارەکە ڕاگەیاند لەبەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەکەیدا کە کۆپیەکی دەستی (هەواڵ) کەوتووە ئەنجومەنی عەرەبی ڕاوێشکاریی لە کەرکوك ، داوایکرد سەرجەم سەربازو ئەفسەرەکانی سوپاو دەزگا ئەمنیەکانی پێشوو بەپلەو پایەو ئارەزووی خۆیان بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان ودابەشی سەر یەکەو لیوا سەربازیەکان بکرێن و ئەرکی پاراستنی ناوچە پشێوەکانیان پێ بسپێردرێت ، چونکە بەپێی بەیاننامەکە ئەدای پۆلیس وسوپا لەو ناوچانە زۆر لاوازە .

هەروەها لەبەیاننامەکەدا ئەنجومەنی عەرەبی داوا دەکات ئیدارەی شارەکە بەهاوبەشی لەلایەن کورد و عەرەب و تورکمانەوە بەڕێوەببرێت و حکومەت گرتن و هەڵکوتانە سەری هاوڵاتیان ڕابگرێت لە ناوچە عەرەبیەکانی کەرکوکدا .

هەروەها بەیاننامەکە دەرکردنی (نامۆکان)ی بەگرنگ دانا لە ناوچە عەرەبیەکان وەك ئاماژەیەك بۆ چەکدارەکانی تۆڕی (القاعده)

هەر لەوبارەیەوە سەرچاوەکان ئاماژە دەکەن بە نزیك بوونەوەی دامەزراندنی هێزێکی عەشایەری لەناوچە عەرەبیە سونیەکانی کەرکوك بە سەرکردایەتی ئەفسەرێکی بەرزی سوپای پێشوو کە لەم دواییەدا برایەکی بەدەستی تۆڕی (القاعده) کوژرا .

لەلایەکی ترەوە لەسەر زاری چەند بەرپرسێکی عەرەبی ناوچەکەوە ئەو زانیاریانە ڕەتکراونەتەوە .

سەبارەت بەداواکاریەکانی تری ئەنجومەنی عەرەبی لە بەیاننامەکەیدا هاتووە کە پێویستە داڵدەی ئەو عەرەبانە بکرێت کە لەبەغداو دیالەو تکریت و تەلەعفەرەوە بۆ ناوچەکە هەڵهاتوون ولەناو هەندێ حیزبی بەغدا ئەوە هەوڵ بۆ ئەوە دەدرێت زەوی لە کەرکوك بەسەر هەڵاتووە عەرەبەکاندا دابەش بکرێت .

لەبەشێکی تری بەیاننامەکەدا ئەنجومەنی عەرەبی داوا دەکات بۆ هێمن کردنەوەی شەقامی عەرەبی پێویستە سەرجەم دەستگیرکراوەکان ئازاد بکرێن و لەپرۆژەی هەمواركردنەوەی دەستووردا بەندەکانی مادەی (١٤٠) ویاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس و یاسای هەرێمەکان و یاسای نەوت و غاز گۆڕانکاریان بەسەردا بێت و هۆشداریشیان دا بەو لایەنە سیاسیانەی کە ئەو پرۆژەیەیان ڕەت دەکەنەوەئەوە یاخۆد پشتگۆی دەخەن .

لەلایەکی ترەوە چەند سەرچاوەیەك ڕایانگەیاند کە چەند کەسایەتیەکی عەرەب کە ناسراون بەدژایەتی کردنی ماددەی (١٤٠) بانگهێشتی تورکیا کراون بۆ گفت وگۆ کردن لەگەڵیاندا بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ پێشگرتن لەجێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) .

چاودێران پێیان وایە ئەم هەنگاوەی تورکیا وەك کاردانەوەیەکە بۆ ڕازینەبوونی حکومەتی عێراق سەبارەت بەداوایەکی تورکی بۆ بەستنی کۆنگرەی وڵاتانی دراوسێی عێراق لەو وڵاتە کە بڕیارە لە (شرم الشیخ)ی میسر ببەسترێت وچەند ڕاپۆرتێکیش باش لە ئامادەباشی تورکیا دەکەن بۆ سازدانی خۆپیشاندانێکی گەورە لە ئەنکەرە لەدژی ماددەی (١٤٠) و بۆ ئەو مەبەستەش بانگێشتی چەند بەرپرس وکەسایەتی عەرەبی و تورکمانی کەرکوکی کردوە .

## مستەفای حەسەنە گەورە : بەشێك لەکەیسی عەباسی باڵۆغا دەگاتە دادگای بەغدا

لەدوای ئەوەی لەژمارەی پێشووی (هەواڵ)دا هەواڵێك سەبارەت بە دادگایی کردنی عباس باڵۆغا بڵاوکردەوە کەتاوانبارکراوە بەکوشتنی چەندین هاوڵاتی و پێشمەرگە لە سەردەمی حیزبی بەعسدا ، بۆزانینی زیاتر سەبارەت بەدوا پەرەسەندنەکانی کێشەکە (هەواڵ) پەیوەندی کرد بە مستەفای حەسەنە گەورە کە لەسەرەتاوە کێشەکەی وروژانەوەو سەبارەت بەدوا پەرە سەندنەکانی کێشەکە ناوبراو ووتی " دوای شەش مانگ لە هەوڵی بێ پسانەوەو دووجار سەفەری کوردستان بەیارمەتی کۆمەڵێ دۆست و لایەن لەسەرووی هەموویانەوە کەسوکاری سەربەرزی قوربانیانی دەستی عباس، توانرا بەشێك لە کەیسی ناوبراو بگاتە بەغدا بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و بەشەکەی تریشی لە دادگاکانی کوردستان چارەسەر ئەکرێت "

مستەفا ئەوەشی وت کە"عەباسی کۆنە جاش لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی پشدەرەوە لە ٢٠٠٣/١٠/١٤ بڕیاری گرتنی دەرچووە "داوایشی لەحکومەتی کوردستان کرد هاوکاریان بکەن لەدەستگیرکردنی عەباسی باڵۆغاو ووتی" ئەبێ چاوەڕێی دادوەرێکی بەغدا بکەین تاکو بڕیاری گرتنی کۆنە جاشێکی کورد کوژ دەربکات ! هیوادارم لایەنی بەرپرس لەکوردستان هاوکارمان بن لەگرتنی "

لە کۆتاییدا مستەفای حەسەنە گەورە مژدەی بەکەسوکاری قوربانیانی دەستی عەباسی باڵۆغا داو وتی " من لێرەوە مژدە وبەڵێنی ئەوە ئەدەم بەکەس وکاری قوربانیان کە دادگایی کردنی ئەم کۆنە سەرۆك چاشە وەك ڕۆژی ڕوون دیارە ، ئەمەش بچوکترین وەفایە بۆ قوربانیاکانمان " .

## تەحسین کەهیە : ماددەی ١٤٠ لەکاتی دیاریکراویدا جێبەجێ ناکرێت



تەحسین کەهیە ئەندامی لیژنەی باڵای ماددەی (١٤٠) لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (هەواڵ) ڕایگەیاند کە ئەو ماددەیە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا جێبەجێ ناکرێت و لەو بارەیەوە وتی " ئەوەی ڕژێمی پێشوو لەماوەی (٣٥) ساڵدا ئەنجامیداوە ئەستەمە لەو ماوە کەمەی کە بۆ لیژنەکە دیاریکراوە جێبەجێ بکرێت "

تەحسین کەهیە ئەندامێکی تورکمانی نێو لیژنەی باڵای ماددەی (١٤٠) بوو ، بەڵام ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو نامەیەکی ئاراستەی نوری ئەلمالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق کردو داوای ڕەزامەندی کردبوو لەسەر دەست لەکارکێشانەوەی لە لیژنەی باڵای ماددەی ناوبراودا ، کەهیە بوونی هەر فشارێکی سیاسی وحیزبی ڕەتکردەوە سەبارەت بەبڕیاری دەست لە کارکێشانەوەی و وتی " من بەرپرسیاری مێژوو دەبم لەبەرامبەر تورکمان کە نوێنەرایەتیان دەکەم و چاوەڕێی ئەوە دەکەن ماف وزەوی وزارەکانیان بۆ بگێردرێتەوە کە ڕژێمی پێشوو دەستی بەسەردا گرتبوو "

هەروەها وتیشی "ئەوان کە لەپێشوودا ئەو زوڵمەیان دەرهەق کراوە ، بۆیە ئێستا دەترسم لەم دۆخە سەختەی لیژنەکە کاری تێدەکات مافەکانیان پێشێل بکرێن و ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی مێژوویی ببمەوە "

جێی باسە تەحسین کەهیە دووەم ئەندامی لیژنەی باڵای ماددەی (١٤٠)ە دەست لەکار بکشێتەوە دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا سەرۆکی لیژنەکەو وەزیری دادی عێراقی (هاشم شبلی) دەست لە کار کێشانەوەی خۆی لە لیژنەکە ڕاگەیاند .

## لە هەولێر بورجی تەلەفزیۆنی سبەی لە سەر تەلاری نەخۆشخانەی ڕزگاری دانراوە



تەلەفەزیۆنی (سبەی) لەلایەن محەمەدی حاجی قادرەوە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە هەولێر دامەزراوە ، ئێستا بورجی تەلەفزیۆنی ناوبراو لە سەر نەخۆشخانەی ڕزگاری دانراوە کە بێگومان ئەمەش ئامێرێکی موگناتیسیە و کار لە ئامێرەکانی ناو نەخۆشخانەی ناوبراو دەکات زیانیشی بۆ کارمەند و نەخۆشەکانیش دەبێت بۆ ئەم مەبەستەش دکتۆر شەریف جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ڕزگاری بە (هەواڵ)ی ڕاگەیاند: کە ئەوان تەنیا لایەنێکی جێبەجێ کارن ، ئەم بورجەش لەڕێی نوسراوێکی ڕەسمیەوە لە سەر تەلاری نەخۆشخانەکە دانراوە ، و بەڕێزی ئاماژەشی بەوە کرد کە لە نوسراوەکەیاندا هاتووە کە ئەگەر کارێکی خراپ بکاتە سەر ئامێرەکانی نەخۆشخانەی ناوبرا و ئەوا بە زوترین کات لادەدرێت ،بەڵام ئاماژەی بەوە نەکرد کە ئایا زیانی بۆ کارمەند و نەخۆشەکانی نەخۆشخانەکە دەبێت یان نا؟

## عەرەب و تورکمانەکانی ئامرلی و سلێمان بەگ داوای هێزی پێشمەرگە دەکەن

ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/١٨ ئەنجومەنی هەردوو ناحیەی ئامرلی وسلێمان بەگ لەکۆبونەوەی ئەنجومەنی قەزای خورماتوو داوایان کرد هێزی پێشمەرگە بچێتە ناوچەکەیانەوە وبەرپرسی سەربازی ئەمریکی ناوچەکەش ڕەزامەندی لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەودوو ناحیەیە دەربڕی .

لەو بارەیەوە سەرچاویەك لە ئەنجوومەنی قەزای خورماتوو بە (هەواڵ)ی ڕاگەیاند "لە کۆبونەوەی (٤/١٨ )ی ئەنجومەنی قەزای خورماتو وناحیەکانی دەوروبەری ، ئەنجومەنی هەردوو ناحیەی ئامرلی وسلێمان بەگ داوایان کرد هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنیان لە هەڕەشەکانی تیرۆرستان بچێتە ناوچەکانیانەوە ، کاپتن ویلسنیش کە فەرماندەی هێزی فرە ڕەگەزە لە ناوچەکە ڕەزامەندی لەسەر داواکاریەکەیان ڕاگەیاند" .

جێی وتنە دانیشتوانی ناحیەی ئامرلی کە زۆربەیان تورکمان وعەرەبی شیعە مەزهەبن ترسی ئەوەیان هەیە گروپە چەکدارە توندڕەوەکان کە لەدەوروبەری ناوچەکەیان بوونێکی بەهێزی هەیە هێرش بکەنە سەریان ، هەردوو ناحیەی سلێمان بەگوئامرلیش نزیکن لە زنجیرە چیای حەمرینەوە کە لەگەڵ دەستپێکردنی نەخشەی ئاسایشی بەغدا گروپە چەکدارەکان ڕوویان لە ناوچەکە کردووە .